سودانی و فراکسیۆنی هاوپەیمانی حیکمەت جەخت لە پەیوستی یەکخستنی هاوکاری هێزە نیشتمانییەکان دەکەنەوە



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لەگەڵ ئێندامانی فراکسیۆنی پەرلەمانیی هاوپەیمانی حیکمەی نیشتمانی، جەختیان لەسەر پەیوستیی یەکخستنی هاوکاری هێزە نیشتمانییەکان کردەوە بۆ بەهێزکردنی سەقامگیری.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە بە ئاژانسی هەواڵی عێراقی (INA) ی ناردووە، ئاماژەی بۆ کردووە: محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران، پێشوازی لە ئێندامانی ئینجومەنی نوێنەران لە فراکسیۆنی هاوپەیمانی حیکمەی نیشتمانی کرد.

ڕاگەیەندراوەکە دەڵێت: لە دیدارەکەدا باسی دوایین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی وڵات کرا، و جەخت کرایەوە لەسەر پەیوستیی یەکخستنی هاوکاری هێزە نیشتمانییەکان بۆ بەهێزکردنی سەقامگیری و بەردەوامبوونی بوژانەوەی ئابووری و گێڕانەوەی گەشتیاران، ئەمەش لە ڕێگەی دەرکردنی ئۆپۆ یاسایانەی خزمەت بە هاووڵاتیان دەکەن و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆی دەهێنن.

هەروەها هاتووە: جەخت لەسەر گرنگیی کارکردن و هەماهەنگی بە دیدگایەکی هاوبەش کرایەوە، بە جۆرێک کە خواستەکانی گەلی عێراق بەدی بهێنێت و بەرژەوەندیی باڵای وڵات بخاتە پێش هەموو شتێک، بە بەردەوامبوون لە کاروانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و جێبەجێکردنی کارە لەپێشینەکانی قۆناغی داهاتوو.